

# ژیاننامەی هاوڕێ (عبدالباسط محسن) ناسراو بە شێخ عەبدول.

شێخ عبدول ساڵی 1958 لە خێزانێکی هەژار لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە . خوێندنی سەرەتایی‌وئامادەیی هەر لەو شارە تەواو کردووە. دواتر چۆتە پەیمانگای تەکنەلۆژی بەشی کارەبا لە شاری حللەو خوێندنی تەواو کردووە. بەهۆی هەژاری خێزانەکەیەوە لەو کاتەدا، لە کاتی خوێندنیشدا کاری بیناسازی‌و دەستگێڕیی‌و چەندین کاری قورس‌و تاقەت پڕوکێنی کردووە، تابەمجۆرە هەم بتوانێت لە بژێوی خێزانەکەیدا بەشدار بێت‌و هەمیش خەرجی خوێندنەکەی دەربهێنێت.

بەو هۆیەوەی کە دەرکی ئەوە دەکات کە مەینەتی‌یەکانی ژیانی ئینسان سەرچاوەکەی لە نیزامی نایەکسان‌و چەوسێنەرانەی سەرمایەداری‌یەوەیە، ئاشنایەتی بە مارکسیزمەوە پەیدا دەکات‌و دەکەوێتە خوێندنەوەی ئەدەبیاتەکانی مارکس وە لەژیانی ڕۆژانەدا پیادەی دەکات. وە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا ئەڵقەی ڕۆشنبیری پێك دەهێنن. وە لە ناو گەڕەك‌و کۆڵاندا وەك ڕەمزی دژی بەعس دەناسرێت. هەر بۆیە شێخ عەبدول دەبێتە شەخسیەتێکی مەحبوب‌و بە ئۆتوریتەی ناو خیزان‌و هاوڕێیان‌و ئەوساتی ئیجتیماعی خۆی. وە دەبێتە سومبول، سومبولی ناڕازی بوون بە زوڵم‌و ناعەدالەتی، سومبولی ئیلحادی‌و باوەڕبوون بە زانست‌و لۆژیك، سومبولی مامەڵەی ئینسانی لەگەڵ چوار دەوری خۆی بەتایبەت لە گەڵ منالاَن‌وژناندا. هەرکەسێك بۆ چەند ساتێك

لەگەڵی دابنیشتایە هەستی بەڕۆحیەتی هاوڕێتی‌و نەبوونی هیچ سنورێکی لە نێوانیاندا دەکرد. باوەڕی قوڵی شێخ عبدول بە کۆمۆنیزم بە جۆرێك بوو کە بۆ هیچ شتێك چۆك دانەمێنی‌و بێ ئومێد نەیەتە پێش چاوو هەمیشە زەردە خەنە لەسەر لێوەکانی دەبینرا.

شێخ عەبدول کەسێکی چالاکی کۆڕو کۆمەڵە چەپەکان دەبێت لە ساڵەکانی هەشتاکاندا. وە دەستاو دەست بە ئەدەبیاتەکانیان دەکات.

بەو هۆیەوەی بەشداری سەربازی ڕژێمی بەعس ناکات، بۆ خۆ حەشاردانەوە ڕوو لە دێی سۆڵەی قەرەداغ دەکات. لەگەڵ کۆمەڵێك لاوی هەڵهاتووی تردا کۆڕوکۆمەڵی مارکسیستی پێك دەهێنن‌و دور لە یەکێتی‌و ئاش دەکەوێتە هوشیار کردنەوەی خەڵك‌و شانۆگەریەك سازدەکەن، لەبەرئەوەی شێخ عەبدول‌و هاوڕێکانی پێیان وا دەبێت کە یەکێتی‌و ئاش هیچ نزیکایەتیەکیان لەگەڵ مارکسیزم‌و خەڵکی هەژارو دەست تەنگ نییە. هەر بۆیە دەکەوێتە بەر هەڕەشەی یەکێتی نیشتمانی. چەکدارەکانی یەکێتی لە دێی مێوڵی‌یەوە دێنەسەر ماڵەکەی بەڵام لەبەرئەوەی لەوێ نابێت، بەردەستیان ناکەوێت. بەڵام بەناچاری‌و بۆ ڕزگاربوون لە دەستی یەکێتی بەنهێنی بەرەو شار هەڵدێتەوەو لەوێ خۆی دەشارێتەوە.

شێخ عەبدول بەشداری چالاکانە لە ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی 1991و لە گرتنی ئەمنە سوورەکەی سلێمانیدا دەکات. هەر لەگەڵ دروستبوونی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا، پەیوەست دەبێت بە ڕیزەکانی حزبەوە. لە هەڵبژاردنی شارەوانی مانگی شوباتی 2000دا شێخ عەبدول وەك کاندیدی حزب لە گەڕەکی زەرگەتەدا خۆی دەپاڵێوێت. لەکێشمەکێشی حیزبدا لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کە لە دوای هەڵبژاردنەکەی شارەوانی دەستی پێکرد شێخ عەبدول دەورێکی کاریگەر دەگێڕێت لە ئیدارەو ڕابەرایەتی کردنی ئەو خۆپیشاندانانەی کە حیزب سازی دەکات بۆ ئازادکردنی هاوڕێیانی حیزبی. لە کێشمەکێشی مانگی تەمووزیشدا کە یەکێتی نیشتمانی بەهێزێکی چەکداری گەورەوە ئابلوقەی بارەگاکانی حیزب دەدات‌و کارەباوئاوو خەتی تەلەفۆنات دەبڕێت، شێخ عەبدول دەوری کاریگەر دەگێڕێت لە ڕەبت کردنی بارەگاکان بە یەکترو ڕابەرایەتی بە ئۆرگانەکانی حیزبەوە.

ڕۆژی 07/14 لە کاتێکدا شێخ عەبدول، کە شۆفێر بوو، لەگەڵ هاوڕێکانی تریدا بوون وە خۆراکیان دەهێنایەوە بۆ بارەگای کۆمیتەی ڕابەری دەکەونە ناو بۆسەیەکی چەکدارە خوێن ڕێژەکانی یەکێتیەوەو زۆر زەبوونانە گوللە بارانیان دەکەن. وە شێخ عبدول بە دیلی گوللەباران دەکەن. دوابەدوای ئەمەش بەعسی ئاسا لە ترسی ڤین‌و نارەزایەتی ئازادیخوازان‌و خۆشەویستان‌و کەسوکاری ئەو هاوڕێیانە دەست بەسەر تەرمەکانیاندا دەگرن و لە تاریکی شەودا دەیانخەنە ژێر گڵ. بەم جۆرە کاروانی ژیان‌و خەباتی شێخ عەبدول‌و هاوڕێیانی کۆتایی پێ دەهێنن. شێخ عبدول، هەرچۆنێکە لەدەست بەعس ڕزگاری بوو، بەڵام چەکی یەکێتی نیشتمانی پێکای!

ئەوان ڕۆیشتن بەڵام لە دڵی ئێمەدا هەر زیندون و ڕێبازەکەیان زیندووە .

بەرزو بەرێز بێت یادیان‌و ڕیبازیان پڕ ڕێبوار بێت .

مردن‌و سەرشۆڕی بۆ ناسیۆنالیزمی کورد.

بژی کۆمۆنیزم .

ئامادەکردنی

جبار محسن

هەندێك لە وێنەی شێخ عەبدول :



شێخ عەبدول لە ڕێپێوانی جەماوەری 8ی مارسی1999ی شاری سلێمانیدا.



شێخ عەبدول لەگەڵ ناسک ئەحمەدو تاهیر حەسەندا .